# کۆشکی بلوورین

(بەیتی سەرەمەڕ)

هەژار

هەواڵنامەی کتێب

پێشەکی و ئامادە کردنی: هۆنیا. خ

نـــشـــر رهـــرو
مهاباد ـ پایین‌تر از چهار راه مولوی
تلفن: ۲۲۲۵۵۲۵-۰۴۴۲
E-mail: nashre_rahro@yahoo.com

ناسنامەی کتێب
ناوی کتێب: کۆشکی بلوورین (بەیتی سەرەمەڕ)
هۆنراوەی: هەژار
پێشەکی و ئامادەکردنی: هۆنیا. خ
هەڵەگری و پێداچوونەوەی: مێهرداد ڕامیدی‌نیا
پیتچن: محەمەدئەمین شاسەنەم (بۆکان ۶۲۲۱۳۴۰)
نۆبەی چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ۱۳۸۷
بڵاوکەرەوە: ناوەندی بڵاوکردنەوەی ڕەهڕەو ـ مەهاباد
ئەژمار: ۱۰۰۰ دانە
چاپخانە و سەحافی: ڕەهڕەو ـ مەهاباد

ئەم کتێبە بە پێی ئیزنی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئێران لە چاپ دراوە و
مافی لە چاپدانەوەی بۆ بڵاوگەی ڕەهڕەوی مەهاباد پارێزراوە.

هەولێرەی کتێب

## نێوەرۆک

پێشـــەکی........................................................ 4

بەیتی سەرەمەڕ ............................................. 17



(هەژار موکریانی)

هەواڵنامەی بۆکان

# هەژار
# شاعیر، وەرگێڕ و زمانەوان
(1921ـ1991)

نووسینی: هۆنیا.خ

بە سەرگەردانی ژێرگەردانەکەت بم
بەلاکەردانی بالا جوانەکەت بم
ئەوا تۆم دی لەسەر کوشتەت دەکەی شین
بە کوڕی چاوە پڕگریانەکەت بم

شاعیر، نووسەر، لێکۆڵەر و وەرگێڕی گەورەی کورد، هەژاری نەمر لە ساڵی 1300ی هەتاوی بەرامبەری ساڵی 1921 زایینی لە شاری مەهاباد چاوی بە گەردوون هەڵێناوە.

ناوی ڕاستیی ئەم شاعیرە میللی و بەهرەمەندەمان، عەبدوڕەحمانی کوڕی حاجی مەلا محەمەدی شەڕەفکەندییە. مەلا محەمەدی باوکی، پیاوێکی ڕوحانی و بەدین بووە کە لە ڕێی کار و تێکۆشان، ڕۆژگاری تێپەڕ کردووە و ژیانێکی هەژارانە و سادەی بووە.

ناوی خوازراوی عەبدوڕەحمانی شاعیر و وەرگێڕمان، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا «هەژار»ە.

هەژار لە بنەماڵەیەكی مەلازادەی كۆنەبەگ و خوێندەواری ئەم كەونە گەردوونە لە گەڕەكی «سەرخڕ»ی (خڕێی) سابلاغ، لە دەڤەری موكریان چاوی بە ژیان و ئازار هەڵێناوە. بۆ ئەم مەبەستە شاعیر لە شێعرێكدا جێگە هەوارگەی لەدایكبوونی خۆی پێگوتووین و نووسیویە:

سەرخڕێ زۆرتری هەمووان بەشی تۆم
كۆرپەیەكی خڕەكەی باوەشی تۆم
یەكەمین جێیەكی لێم دانا پێم
كوڕی خۆتم، بتەوێم یا نەتەوێم

هەژاری ئەمر لەمەڕ لەدایكبوونی خۆیەوە دەڵێ: «بۆخۆم لە بیرم نییە كەنگێ بۆ یەكەمجار هاتوومە دونیاوە، بەڵام وەك بۆیان گێڕاومەوە و باوكم لە بیرەوەرییەكانی خۆیدا نوسیبووی، ڕۆژی شەشی شابان، ساڵی 1339ی كۆچی مانگی، بەری بەیانی كە ڕۆژێكی زۆر تووش و بارانی بووە، لە دایكبووم و بریا هەر نەبووبام، دایك و باب دڵیان خۆشە و خەنی بوون خوا كوڕێكی داونەتێ، مامان ناوكی ببڕە و مزگێنی و هەقدەست وەرگرە، باب هەر بەپەلە، بەر لە حەوتم پەل بووە ناو بۆ تاقانەكەی بدۆزێتەوە. لەو دەمەدا كە مژدەیان داوەتێ، خەریكی خوێندنەوەی كتێبێك بووە كە زۆری خۆشی لێهاتووە: «دەسا بە خوا ناوی نووسەری ئەم كتێبە لە كوڕی خۆم دەنێم»

خاوەن کتێب [ناوی] عەبدوڕەحمانی سیوتی بووە، زانا و شاعیر و مێژووزانێکی لەزەبرە، پێغەمبەریش فەرموویەتی ناوی هەرە چاک، عەبدوللا و عەبدوڕەحمانە.»

هەژار دوو ساڵانە بو کە دایکی لەدەست داوە و هەر لەم سەردەمەدا ئازار و دەردی زۆری بینیوە. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ئەلفوبێی لەگەڵ قورئانی پیرۆز لە لای باوکی خوێندووە، ماوەیەک لە گوندی شێخی بورهان [خانەقای شێخی بورهان] بووە و لە زۆربەی گوندەکانی ناوچەی موکریاندا خوێندوویەتی. لە حەڤدە ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی دەکا و ئەرکێکی قورسی دەکەوێتە ئەستۆ. بابی جگە لە قەرز، هیچ میراتێکی تری بۆ بەجێ نەهێشت. بە تێکۆشانی بێوچان توانی بڕێک بێتەوە سەر خۆ. هەر لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا لەگەڵ شاعیری نیشتمانی «هێمن[1]» ئاشنا دەبێ و لە شاخ و داخ و دەشت و دەرەکاندا شێعر بۆ یەکتر دەخوێننەوە و دۆستایەتییان تا دوایین کاتەکانی ژیانیان بەردەوام دەبێت.

دوای دوو ساڵ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خێزانی، ئەم فریشتە ڕۆح سووکە کۆچی دوایی دەکا و ڕۆجی بۆ ئاسمانەکان دەفڕێ و جارێکی تر خەم و پەژارە ڕوو لە هەژاری ماڵوێران دەکاتەوە. بە

---

حەمەدەمین شێخەلیسلامی (1921-1986)

دوای ئەوەدا ڕوو دەکاتە شاری مەهاباد، چون جگە لەم شارە هیچ شوێنێکی تری بۆ خوێندن دەست نەدەکەوت لە گوندەکاندا.

نیاز بە پێداویستی زۆرتر بوو بە هۆی ئەوەی کە پەرە بە کار و بارەکانی بدا. کاتی هەڵگرتنەوەی داهات، گەنم و تووتنی لە جووتیارەکانی بۆکان و گوندەکانی دەوروبەر دەکڕییەوە و دەیبرد لە تەورێز دەیفرۆشت. ماوەیەکیش چێوداری کردووە.

بەو شێوە بڕێک دەستی هاتەوە بەر خۆ و ماڵێکی لە شاری کڕی و ئەمجارەیش ژنێکی تری هێنا.

ئۆگری لە ڕادەبەدەری عەبدوڕەحمانی لاو بە زمان و ئەدەبی کوردی وەها بوو کە تا ئەوان ساڵان دیوانی شێعری زۆربەی شاعیرانی کوردی خوێندبۆوە و لەبەری کردبوون.

هەژاری شاعیر و وەرگێڕ یەکەم کەس بوو کە بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ک).

باوکی هەژار دژی ئەوە بوو کە هەژار شێعر بڵێ و خەریکی هۆنراوە هۆندنەوە بێ. بە دوای کۆچی دوایی باوکی و بوون بە ئەندامی (ژ.ک) دەستی بە هۆنراوە گوتن کردووە.

دڵی شێتم وەها گرتی گڕوو پێت
لە تاوان پێی دەتاوان بەردی بەر پێت
چ ژین سەختم! چ دڵسەختی گوڵی من
کزەی دڵ وەک کزەی با دێتە بەر گوێت

شێعرە ڕەنگین و بەهێزەکانی هەژار زۆر ڕوو کەوتە بەر دڵ و سەر زاران و لە لایەن قازی محەمەدەوە لەقەمی شاعیری نەتەوەیی پێبەخشرا.

لە ئەنجامی بەشدار بوونی لە سیاسەت و ڕاپەڕین و شۆڕشدا تووشی بەڵا و گێچەڵی عەجەم هات، پەلکێشی حەپسخانەی سەقزیان کرد، هەل هەڵکەوتی وای ڕەخسان لە گرتووخانە هەڵات. ژینی ناخۆشی و ئاوارەیی و غەریبنەوازی لە ساڵی 1947دا دەستی پێکرد و بەرەو بەغدایە دایقەڵاشت. لە پێناو پارە و ناندا دەستی بە حەماڵی و قوڕەکاری و شاگرد مەیخانەیی کردن و سەرکاری عەمەلە و دوکانداری و وێنەگری و... دەکا. جگە لەمانەش بۆ تێشووی ژیان، ناچار دەبێ لە لای ماڵە دەوڵەمەند و خودا پێداوەکان غوڵامی و نۆکەری بکات. خۆی واتەنی (بە نانەزگ!)

هەژار دەڵێ: «بە ژیانی پەنانشینی نەسامەوە، نەشارەزا و کوێر و کوتر بەرەو باشوور دامقەڵاشت و بێزوان و بە بێکەس ناسین لە بەغدایە گیرسامەوە. لە عەنباری و قوڕەکاری و شاگرد مەیخانەیی کردن و نۆکەری ماڵە گەوران و جاڕووکێشی و کاشیماڵی و سەرعەمەلە و دوکانداری بە نانەزگ، هێدی هێدی گوڕ و تینی ژینی جوانیم تێدا دەمردا!.... تووشی لەش بەباری بووم و دوو ساڵ و ئەوەندە شەو لە گۆشەی خەستەخانەیەک لە دێڕێکی چیای لوبنان بە بێهیچ قۆشە و

ئانەیەک چلەم کێشا، زامی مۆژدەی چابوونەوەم لە دەردەکەم پتر ئێشا و باری ئەمجارگرانتر بوو، بە چرژاوی و کەوکراوی و هێز و توانا پێنەماوی، دەبوایە وەک تافی ساغی کاری فەرهادی چین بکەم تا نانی بە ڕەنجی شان و دوور لە سوپاسی نامەردان وەدەست بێنم!! دەشبێ بیکەم، ڕیشە و بووە بە ڕیشەوە و ئەشێ شانەی بۆ هەلگرین!!»

هەژار هەر لە سەرەتای ژیانی لاوێتییەوە بەشی هەرە زۆری تەمەنی لە ناو شاخ و کون و گەلا و قوژبنی ئەشکەوت و بن بەردی کوردستان، یان لە ولاتبەدەری و کۆلانگەڕیدا خەرج کردووە و ژیانێکی گەلێ سادە و سەخت و ناخۆش و پڕ ئێش و ئەشکەنجەی بەسەر بردووە...

هەژار زۆر ڕووخۆش و گفت و لفت شیرین و دەم بە خەندە و خاوەن دڵ و دەروونێکی خاوێن و بەخشندە و بێڕیا بووە. ئەم ولاتانە گەڕاوە: تاران، بەغدا، سوریا، لوبنان، قاهیرە، ڕۆمانی، ڕووسیە، ئەلمان، فەرانسە و... لە چوونی بۆ یەکێتی کۆمارە سوسیالیستەکانی سۆڤیەت بە ئەندامی شانازیی دەستەی نووسەرانی ئازەربایجان پەسەند و هەلبژێردراوە.

هەژار لە کاتی نەخۆش بوونیدا دوو ساڵ و چەند مانگ لە لوبنان مایەوە و کەلکی لە کتێبخانە مەزنەکەی نەخۆشخانە وەرگرت و زانیارییەکانی خۆی لەمەڕ زمان و ئەدەبی عەرەبی بە ئەنجام گەیاند. کاتێ چاک بۆوە و گەڕایەوە ئێراق، بوو بە

ئەندامی کۆڕی زانیاری کورد و هەل و دەرفەتی زۆرتری بۆ موتالا و لێکۆڵینەوە بۆ ڕەخسا و توانی هەندێ بەرهەمی بەنرخ بڵاو بکاتەوە.

لەو ساڵانەدا نووری سەعید وەزیری ئێراق بوو و حکوومەتی پۆلیسی و تەوژم وسانسۆر، تەنگی بە خەڵک هەڵچنیبوو. هێندەی پێنەچوو کە دژایەتی هەژار لەگەڵ ئەم زوڵم و زۆرییییە ئەوی کرد بە دوژمنی حکوومەتی ئێراق. حکوومەتی ئێراق زۆری حەول دا هەژار هاوکارییان بکا، بەڵام هەژار کۆڵی نەدا و بەر لەوەی خۆی بە دەستەوە بدا، بەرەو کوردستانی سوریە ڕایکرد.

دوای سێ ساڵ مانەوە لە سوریە واتا لە هاوینی ساڵی 1958ی زایینیدا عەبدولکەریم قاسم لە ئێراقدا کۆدەتا دەکا و سەرۆکایەتی ئەم وڵاتە وەدەست دێنێ. دوای ماوەیەک نەمر مەلا مستەفای بارزانیش لە شۆڕەوییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێراق و هەژار خێرا خۆی دەگەیەنێتێ و تا حەڤدە ساڵان لە لای بارزانی نەمر دەمێنێتەوە و دەبێتە یار و هاودەمی نزیکی بارزانی نەمر.

لە ساڵی 1975زدا کە ڕاپەڕینی کوردستانی باشوور تووشی شکست هات و تاقمێکی زۆر لە بارزانییەکان هانایان بۆ ئێران هێنا، بە پێداگری مەلا مستەفای بارزانی، هەژاریش هاتەوە ئێران و هەر وەها بە تکای ئەو. ساواک بەڵێنی پێدا ئیتر پەروەندەی سی ساڵی ڕابردووی نەکاتەوە.

بە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سالی 1357دا و ڕووخانی حکوومەتی دیکتاتۆری پەهلەوی هەژار بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی گەیشت واتا توانی بە زمانی کوردی موتالا و وەرگێران و لێکۆڵینەوە بکا. هەژار توانی لەو ساڵانەدا لە باری ئەدەبی و فەرهەنگییەوە باشترین کەلک لە ژیانی وەرگرێت و بێماندوو بون و پچڕانەوە گەلێک بەرهەم و نووسراوەی بەنرخ پێشکەش بە گەلەکەی بکا.

لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا یەکەم بەرهەمی شێعری، بە نێوی «ئاڵەکۆک» چاپ و بلاو کردۆتەوە. ئەم بەرهەمە هەر لەوان سەردەماندا وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئازەری.

هەندێ لە بەرهەمەکانی هەژار ئەمانەن: بۆ کوردستان، وەرگێرانی چوارینەکانی خەییام، وەرگێرانی مێژووی سولەیمانیە، وەرگێرانی مێژووی ئەردەلان، وەرگێرانی «قانون در طب»ی ئەبووعەلی سینا، وەرگێرانی یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بێبڕانەوە و دایە باوە کێ خراوە لە نووسینی عەلی شەریعەتی، فەرهەنگی کوردی - فارسی بە نێوی "هەنبانە بۆرینە"، شەرحی دیوانی مەلای جەزیری، وەرگێرانی هۆزی لەبیرکراوی گاوان، بیرەوەرییەکانی بە نێوی «چێشتی مجێور» و لە ئاکامدا وەرگێرانی قورئانی پیرۆز و هەندێ بەرهەمی تر کە بە داخەوە تا ئێستا لە چاپ نەدراون.

مێهرداد رامیدی‌نیا لەبارەی هەژاری ئەمرەوە دەڵێ: «کاری زۆر و بێخەوی لە ڕادە بەدەر و... بەرەبەرە جەستەی ئاگر تێبەر دەدا و لە هێز و توانای دەخست، داخەکەم ڕۆژگاری بێ‌بونیات و دێوی دزێوی مەرگ ئیزنی زۆرتری نەدایە ئەم کەڵە پیاوە دەگمەنە، تا هێندێ بەرهەمی بەنرخی تر بۆ کتێبخانەی کز و لاوازی کورد جێ بهێڵێ، ڕەشەبای مەرگ لە ڕۆژی دووشەممۆ ڕێکەوتی دووی ڕەشەمەی ساڵی 1369ی هەتاوی تۆماری ژیانی تێک پێچایەوە و دڵە مەزنەکەی لە لێدان خست، ئا لەم ڕۆژەدا پەپوولەی ڕۆحی سووک و بێگەردی بۆ هەمیشە بەرەو ئاسمانی ساماڵی زێدەکەی فڕی»

لە تاریکایی پرچت بێ‌سەرەودەر
دڵم گێژ و هوڕە چەشنی سکەندەر
بەڵام ئاوی ژیان لاجانگی تۆیە
بەڵام ڕەشماری بسکت بوونە لەمپەر

ئۆرخانی غالبیش لە کتێبی «نەمری لە ئەدەبدا» لەمەڕ کۆچی دوایی ئەم کەڵە نووسەرەی کورد دەنووسێ: «لە ڕۆژی 1991/2/20دا ئەدیب و شاعیرێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی مەزن و پێشکەوتخواز، تێکۆشەرێکی نەبەز و بەرچاو ڕوون و چقڵی چاوی نەیاری ئازادی و ئەستێرەیەکی بەشەوقی ئاسمانی کوردەواری و چرای دەست و پێ قڵیشاو و زەحمەتکێش،

پەپوولـەی شـەیدا و عیشـقی تیشـکی خـۆری سـەرفرازی و سەربەستی کوردستان و هەموو مرۆڤ.... بـۆ یـەکجارەکی دڵـە گەورەکەی لە کار کەوت و لە وڵاتی غـەوارە دەسـتی لـە ژیـان بەردا و بەرگی مەرگی پۆشی و گیانی پاک و بێتاوانی بە خـوای تاک سپارد، سـەد حـەیف و مـەخابن، سـەد داغ و نیگـەرانی دەروونی.... بەڵێ وەیشوومەی خـەزان شـاعیری کوردایـەتی، ئەدیب و مێژوونووسی بەنرخ و هێژای لە دەست داین، سـێبەری لەسەر زەوی ڕەوی، ئۆغری کرد، ئاوێتەی ژێـر تـوێی خـاک و گڵی قەبرستانی بوداغ سوڵتانی مەهابادی زێد و نیشتمانی کرا و لە تەنیشـت هـاوڕێی گیـانی بـە گیـانی سـەردەمی لاوێـتی و دەربـەدەری، مـام هـێمن(1923ـــ1986/4/18)ی ڕەحمـەتی شاردرایەوە، دڵی پڕ پیـاوەتی و مرۆڤـایەتی لـە تەمـەنی 70 ساڵیدا لە لێدان وەستا. خوای مەزن ڕۆحی بە بەهەشت شاد کا.

هەواڵنامەی کتێب

ئەمەش چەند چوارینەی جوانی هەژاری موکریانی:

لـە دەسـت ئـەو چـاوە مەسـتەت نیمـە چـارە
لـــە نـــاخێم ڕادەکـــەن دەرد و پـــەژارە
لـــە کێلـــی گۆڕەکـــەم یـــاران بنووســـن:
کـــوژاوی گـــەردنی کێلـــە و هـــەژارە

شەوە دنیا وەکوو خاڵت سیاپۆش
وەرە با دەردە دڵ بکرێن فەرامۆش
دەسم دەستۆکە، با بتگرمە باوەش
ئەگەر مردم لە خۆشیان، چاوی تۆ خۆش

لە گوارەی پڕ پەرەنگ دڵ پڕ پەرەنگم
چەماوی بەژن و باڵای شۆخ و شەنگم
لەسەر سینگی سپیت چاوم سپی بوون
لە تاوی زەردە لیمۆت زەردە ڕەنگم

دڵم تەنگە وەکوو خونچەی دەمی تۆ
سەرم گێژە لە گێژی پەرچەمی تۆ
دڵ و گیان و ژیانم دا بە ماچێک
وتت: پێکنایە، زۆری من، کەمی تۆ

لەگەڵ تۆدا کەسێکی دەمدەمانە
چ کارێکی بە خۆشی پاش نەمانە؟
مەی و کەوسەر لە گۆشەی لێوی ئاڵە
بەهەشتی خۆش لە شیوی ناو مەمانە

چ خۆشە پاشی ئەم تۆرانە، سازان
چ شیرینە وتەی ڕاز و نیازان
بەسم بێ جەزرەبەی شەوگاری دووریت
پتر مەی‌هەنجنە جەرگم بە نازان

وەرە تاوێکە گولزارت نەدیوە
لە تاوت خونچە سینەی دادڕیوە
وەنەوشە دوور لە بالات خۆی دە هەش نا
هەلالە زەردە، نێرگز ڕەنگ پەڕیوە

هۆنیا.خ
مەهاباد ـ پاییزی 1384

هەواڵنامەی کیژ

سەرچاوەکان:

1) تاریخ مشاهیر کرد، بابامردوخ روحانی، تهران 1382
2) ئەمری لە ئەدەبدا، ئۆرخانی غالب، سوێد، 1998
3) چێشتی مجێور، هەژار، پاریس، 1997
4) هەژار و ئەدەبی بەراوردکاری، مێهرداد رامیدی نیا، کۆنگرەی ڕێزگرتن لە کەسایەتی هەژار، مەهاباد، بەهاری 1381.

کۆشکی بلوورین یا بەیتی سـەرەمەڕ، هۆنراوەیـەکی شـیرین و جوانی هەژار موکریانییە، ئەم هۆنراوەیە بە زاراوەی ڕەسـەنی موکریانی هۆندراوەتەوە و هـەموو کـەس تێـی دەگـا و چێـژی لێوەردەگرێ. هەژار ئەم هۆنراوەی لـە سالـی 1957 لـە کـاتی دەربەدەری و هەڵوەدای لە سوریە هۆندۆتەوە. کۆشکی بلـوورین پڕە لە پەند و ئامۆژگاری بەنرخ و زۆر سادە و ساکار کـوتراوە. ئەم هۆنراوەیە تەژییە لە واژەگەلی ڕەسـەن و جـوان و ڕازاوەی هەرێمی موکریان.

کۆشکی بلوورین چیرۆکی کۆمەڵێکی دواکەوتوویـە کـە زۆر بـە ئاسانی هەڵدەخەڵـەتێن و دەکەونـە ژێـر چەپۆکـە و بێگـاری. دەمێک بوو جێی ئەم بەرهەمەی هەژاری نەمر، وەکـوو کتێبێکـی سەربەخۆ لە کتێبخانەی کوردیدا خاڵی بوو، هەر بۆیە حەوڵـم دا وەکوو کتێبێکی سەربەخۆ بیهێنمە نێو کتێبخانەی کـوردی تـا پتر بۆ هەموو لایەک سوودی ببێ و چێژی لێوەربگیرێ.

هیوادارم ئەم بەرهەمە جێی خۆی لە کتێبخانەی کوردیدا بکاتەوە و خزمەتێکی چکۆلە بێ بە هەژاری نـەمر. بـەو ئاواتـەی ببێتـە هۆی ڕەزامەندی خوێنەرانی خۆشەویست.

هۆنیا.خ

مەهاباد ـ پاییزی 1384

هەواڵنامەی کتێب

# بەیتی سەرەمەڕ

# حیکایەتخوان

شــــەوێک لـــە شـــەوی پـــایز
خـــوا لـــێ خۆشـــبوو مـــام بـــایز
پیرێکـــــی دنیـــــا دیـــــدە
دانـــا وزانـــا و گەڕیـــدە
قســـە ڕەوان گفـــت جـــوان
شـــیرین ڕاوێـــژی زمـــان
لـــە کـــوێی ئـــاگری مزگـــەوت
ســـەعات گەییـــە شـــەش و حـــەوت
ئـــەوە دەیگـــووت: حیکایـــەت،
خـــۆش بـــوو بـــەدەر لـــە غایـــەت
ئـــاوی گوێچکـــەی دامـــەوە
وەهـــای بـــۆ گێڕامـــەوە

# سێ تەنبەڵ

هەبوو نەبوو، لە زوودا
لە دەورانی پێشوودا
سێ زەبەلاحی بێکار
چەورە و شەلاتی ناوشار
دەست و پێ سپی و تەنبەڵ
پیس و بۆگەن و چەپەڵ
یەک لە یەکتر خوێڕیتر
هەر بۆیە بوون یەکدی گر
نانی بە ڕەنجی شانی
هەر ناویان نەدەزانی
بە خواهیش با و بە زۆری
دەژیان بە مفتەخۆری
هەر شەو دەچوونە ماڵێک
سێسەد و شەست لە ساڵێک
سەلامەلێکوم حەمە
میوانی تۆین ئەم جەمە

ئاتخوا پور خانم گیان
تۆزێ کەرە و سێ چوار نان
چبلا بوو خوشکە رابی!
نابێ تۆزێک بۆ خوا بی!
ترخێنێکمان بۆ لێنێ
ئاهی دڵمان بشکێنێ
چەند ساڵێ وا بەڕێ چوون
تا لای خەڵک بۆژۆ بوون
کەس بە ڕێنەی نەدەپێوان
ناچار دایانە کێوان
شەوێک لێرە، یەکێ لەوێ
هەر نانە زگ دەست کەوێ
وا فێر بوون ماڵانگەڕی
سەگیان پێ نەدەوەڕی
هێند چوختی ببون لە سواڵ
مەلا فرێی دا مەتاڵ
شێخان لە بەریان بەزین
بەتاڵیان کرد خوانی زین

هەواڵنامەی کتێب

دێوانە کەوتنە هاوار
سەریان دا لە بەرد و دار
گوتیان چیان بۆمان نەهێشت
با بیانخۆین لەباتی چێشت
تەنبەڵباشی زەمانە
ترسان بیانخۆن دێوانە
بەناچار دایان بڕیار
یەکجاری بچنەوە شار

هەواڵنامەی کتێب

## شارێکی مەزن

لە کەلێ وەسەرکەوتن
ماندوو بوون، تۆزێک خەوتن
هەڵسیان نۆڕیانە چواردەور
دنیای ساماڵی بێ هەور
لە دوور شارێ دیارە
پڕ گومبەز و منارە

پڕ قەڵا و باڵەخانە
عەجایبی زەمانە
نە سەری دیارە نە بن
هەزار شەیتان دەکا ون
شەقامی هەزار هەزار
ڕاکشاون لە گەرووی مار
هەزارە زیلەی ناوشار
زیاد لە ئەندازە و ژمار
وەک لەشکری مەل و موور
ڕەش دەچوون دەجمین لە دوور
تەنبەڵ ماتیی دایگرتن
دیتیان تارمایی مردن
چۆن بژین لەو شاری پڕ!
ئێمەی خوێری و شڕ و وڕ!
لەبەر زۆر بیرکردنەوە
خەونووچکە دەیبردنەوە
یەک لە هەموان پتر سەگ
پێیان دەگوت قوڵی بەگ

لەپڕ سەری هەڵبڕی
دە ئاوالان ڕاخوڕی:
سەر بەرەژێر، با بچین
فیڵێک هەیە پێی دەژین
"چۆن فیڵێ؟ شەیتانییە
بەشم لە زۆرزانییە"
لە ڕێگە تێی گەیاندن
لە دڵ و مێشکی چەسپاندن

هەواڵنامەی کتێب

## ژیان لەو شارە

هاتن، گەیشتنە ناوشار
پێدا گەڕان سەر و خوار
لە هیچ کوێ جێی وا نییە
بێکاری تێیدا نییە
نە دەوڵەمەند، نە هەژار
نە گەدایە و نە خونکار
نە زۆردارە و نە بێ زۆر
وەک یەک سپی و ڕەش و بۆر

هەموو کەس دەکا کاری
چی پەیدا بوو ئێواری
دێتە ژمار و دەفتەر
دابەش دەکرێ بەقەد سەر
کێ لە کار ئازا تر بێ
دەبێ بەشی زیاتر بێ
هەرکەس کاری نەدەکرد
بێ نان لە برسان دەمرد

هەواڵنامەی کتێب

## بە میرات نەبوو

ئیتر بە میرات نەبوو
کوڕی خان و خات نەبوو
دەوڵەمەندێک مندار بێ
یەکەم سوتخۆری شار بێ
کوڕی جاشەکەری بێ
بێ شەرم و سەرسەری بێ

زمان پیس، دمم بۆگەنیو
بەهۆی لیرەی مام تۆپیو
ببێتە گەورەی کۆمەڵ
کەر دەبەرکا پێستە کەڵ

## بێ ئاغا بوو

لێی نەبوو کوڕی ئاغا
شەوبنوێ لە وەتاغا
بە ڕۆژ بچێتە ڕاوێ
بە تاژی و تفەنگ باوێ
ئارەق نەچێتە توێڵی
بژی بە حیزی و دێڵی
تەماح کاتە خێزانی
جوانی ڕەعیەتەکانی
بێ مندوو بوون بێ هەوڵ
بپۆشێ چەکمە و کەوڵ
کەوا و پاتۆڵ، ئەسپی چاک
لە دوارۆژ بێ ترس و باک

نە بەگ بوو، نە بێگاری
نەک وەکوو کوردەواری:
جووتێری دەست قەڵشاوی
بەهرەی دێم و بەراوی
ئارەقی نێو چاوانی
خۆی و مناڵەکانی
ساڵ دوازدە مانگ ماندوو بوون
دەرکەوێ تاریک و ڕوون
لەبەر بڵێسەی هەتاو
لە دروێنەدا چەماو
بە پشتی کووڕ هەتا شەو
تا لا بە لای دەکا خەو
مناڵ هەریەک گوێی کارێ
بگرێ هەتا ئێوارێ
نە خوێندنگا و نە دەرمان
چاویان پڕووش لە گەرمان
بێ جلک و بەرگ و پێڵاو
لە ئەسپێ و کێچا خوراو

ڕووت و قـووت تـەواوی سـاڵ
نانیـان جـۆ و زوڕات و گـاڵ
زسـتان لـەرزیو بـێ ئـاگر
لـەوان جـێ خۆشـتر مـامر
گـەنم و تـووتن پەیـدا بـێ
هـەرگیز دەنکیـان بـۆ نابـێ
پێکهـاتووی سـاڵ بـە خـڕی
بـۆ ئاغـا و ژن و کـوڕی
ئاغـا بیکاتـە قومـار
خـانم خـەرجی کـا لـە یـار
کـوڕ بکـڕێ جلـە تـاژی
جـەیران لـە سـەرمان نـاژی
نـە شـێخ نـە تەکیـە هـەبوو
نـە دەروێـش و حـای و حـوو
نـە دێوانـەی ئـاگرخۆر
نـە سـۆفی چلـکن و بـۆر

## ئەدی چۆن بوو؟

هەموو کەس پاک و خاوێن
هەڵکراو چاک و داوێن
نە زیندان بوو لەو شارە
نە کوشتن، نە قەنارە
نە جوێندان، نە هەرا و شەڕ
نە فێڵ و فەرەج نە گەڕ
نە دزی و نە گیرفان بڕی
نە کینە و نە دڵبڕی
نە هەتیوی کۆڵان گەڕ
نە سیلداری چرچ و لەڕ
نە ژنی برسی و بێچارە
ئابڕووی بدا بە پارە
دەرمانگە و نەخۆشخانە
زیاد لە پێویست هەیانە
مناڵ کە تازە دەبوو
کۆمەڵ دایک و بابی بوو

دایک دەچووە زانگەوە
بە زگی هەشت مانگەوە
مامانی ژیر و زانا
یاریکار بوون لە زانا
نێوک بڕین، فرچک دان
دەیکرد پزیشکی چازان
دەیانکوتان بۆ بەرتیل
بۆ ئاوڵە و چاوقوڵکە و سیل
تا لە زانگە دەترازا
دەبوو بە گوێزی ئازا
دایک سێ مانگ وچانی
دەدرایە دەوری زانی
کێ مناڵی زیاتر بوو
لەویتر بێ خەمتر بوو
لە سێ مناڵ بەولاوە
بەراتی بۆ دەبڕاوە
کێ دە مناڵی بوایە
مووچەیەکیان دەدایە

باب و دایکی پێ دەژیان
خەنی دەبوون لە خۆشیان
تەمەن ببا پەنجا ساڵ
پاڵی دەداوە لە ماڵ
ژینی بەڕێوە دەچوو
هەر شار نەبوو، بەهەشت بوو
تەنها عەیبێکی هەبوو
زۆر خوێندنی لێ نەبوو
لەبەر زۆر عاشقەکاری
کەمتر بوو خوێندەواری
هەتا دوو سێ ساڵ، مناڵ
دەیخوێند و دەچۆوە ماڵ
چەند لاویان هەڵدەبژاردن
بۆ لاوەیان دەناردن
بچن بزیشکی فێربن
نەدەزانرا کە خوێندن
بۆ ژیان و کار بژیوە
کار بێ خوێندن هەتیوە

نەیاندەزانی هەر کەس
کەم بخوێنێ و بڵێ، بەس
ڕەنگە فێڵی لێ بکرێ
نزیکە فریو بدرێ
بێجگە لە زۆر زانستی
نەیان بوو پێداویستی
نە دەرد و خەم نە کزی
نە لە ژیان وەڕەزی
کارکە نەدەما ئێوار
لە هەموو سوقاقی شار
دەنگی مووزیکا بەرز بوو
مووزیک هەزار تەرز بوو
دەبوو بە بەزم و سەما
جێگای کزی نەدەما
قاقای لاوان و پیران
خەمیان دەدا بەر شیران
تا نیوەشەو کوڕ و کاڵ
دەچوونەوە بەرەو ماڵ

هەواڵنامەی کتێب

لە خانووی خۆش و گەرما
لە نوێنی پاک و نەرما
لێی وەردەکەوتن بێهۆش
دەیاندیت سەد خەونی خۆش
کێ بێ ئەو دەورە تێکدات
هەر دەخەونیش نەدەهات

## کۆشکی بلوورین

تەنبەڵ بە شارا گەڕان
دەڕۆین و دەیان نەڕان:
ئای لەو شارە چەند پیسە
ئای بەختو چەند نەگریسە
شاری وا ئابڕوو چوونە
نە جێی ژین و لێ بوونە
کێ بیستی لە ڕووی زەمین
شار بێ کۆشکی بلورین!
کۆشکی بلوورین کوانێ!
ئەوە بۆ کەس نایزانێ!

هەواڵنامەی کتێب

وێران بێ ئەم وڵاتە
بێ بلوورین قەڵاتە
وایان بەقەو دەقیژاند
حەشامەتیان هاروژاند

## بۆچی باشە؟

خەڵک بە سوڕمانەوە
وەرامیان دەدانەوە:
بۆچییە ئەو کۆشکە بۆ شار؟
خۆ نە ئاشە و نە عەنبار
نە بەرگە، نە نان، نە ئاو
نە جاو، نە دراو، نە پێڵاو

## بەرزیی گیانی

تەنبەڵ بە قاو و بە قین
هەر پێیان پێ دەکەنین:

هەواڵنامەی کتێب

ئەی خەڵکینەی هیچ نەدیو
نانەجیب، هەتیو مەتیو
هەر نان و ئاو دەزانن
هەموو بەندەی زگتانن
پێتان وایە: بەرێ چوون
هەبێ، هەموو شت بە توون
نەجیبی و بەرزی گیانی
هەر مەعناتان نەزانی!
کوێ بێ کۆشکی بلووره
لە ڕەحمەتی خوا دووره
کەپجاری شاری دیکەن
بۆ گاڵتەجار حەنتیکەن
وا بار دەکەین لە لاتان
ڕوو دەکەینە وڵاتان
لەو جێی بەڕێوو جێ بێ
کۆشکی بلووری لێ بێ
ئەم باسە دەکەین بە قاو
ئابڕووتان دەچێ تەواو

هەواڵنامەی کتێب

چیان نەما لێی بترسن
وا لە خۆشیان دەرەقسن
بێنە سەرمان ئەمانە
ڕووت ئاگری بۆ ئامانە
قەت یەکێکمان ناهێڵن
زووکەن بەجێیان بێڵن

## سمێڵ دانان

وا لێرەش خەڵکی شاری
کەوتنە بەزمی هەژاری
هێندەی ماڵیان خورابوو
هێندەش ترسیان نەمابوو
ڕۆژێک لە کۆشکی بلوور
دەستوور درا بە مەعموور
ئەویش تێی هاڵاندن گەڕ
دەبێ بێنن سەرو مەڕ
وردە پیر و هەرزە کار
چیان هەبوو دار و نەدار

دوامـــین قۆشـــەی هەیانـــە
بردیـــان بـــۆ تەنبەڵـــخانە
وتیـــان: ئـــاخر کـــوا ئینســـاف!
تـــاڵان کـــراین ســـاف لـــە ســـاف!
گوتمـــان کۆشـــکی بلـــووری
زۆر شـــــــتێکە زەرووری
خـــۆ نـــەمان گـــوت هـــەزاران
لـــە تەنبـــەڵ و بێکـــاران
ببنـــە نـــانخۆری بـــێ ئـــیش
سمێڵـــمان نایـــەســـەر ڕیـــش
پێمـــان ناڵـــێن چـــین ئـــەوە؟
بـــۆ کـــوێ دەچـــین هـــەر هـــەوە
قووتـــوودا کـــوڵاو و کـــاڵ
زگتـــان تێـــرە یـــان جـــەواڵ؟
ئـــەو هـــەموەی دەکـــوێ دەنـــێن
کـــای ئێمەیـــە، ئـــەی کـــادێن؟

"وتیان: گورگە دەگری، بۆ؟
وتی: دەترسم لە درۆ"
تەنبەڵیش گوتیان: حەی حەی
جا ئەوە چۆن دەکرێ و کەی؟
ناتوانین لێرە گیر بین
لەناو شووشەدا پیر بین
کەریدەیی و شارە و شار
لامان خۆشترە لە کار
خەلکە شەریان گەرم بوو
دڵ رەقیش دڵ نەرم بوو
لێیان دەپاڕانەوە
دڵخۆشیان دەدانەوە!
وتیان سا سوێند و ئەدەین
بیکەن هەرچی پێو دەکەین
گوتیان سوێندو بۆ دەخۆین
چۆن دەڵێن: وا رێ دەڕۆین

هەواڵنامەی کتێب

# قوڵی ئەو قوڵی ئەما

قوڵی بەگی چەنبەری
تەپڵێکی نا سەر سەری
کلکە رێوییەکی تێ خست
سێ چوار شیشۆکەی وێخست
فەرەجییەکی پان و پۆڕ
گوڵینگەی پێدا کرد شۆڕ
پێنج شەش زریزە و زنجیر
لە فەرەنجی کردن گیر
سمێڵی لێ کردن قیت
چاو بە چاویلکە بوون زیت
پانتۆڵێکی دەلینگ فش
دەق نەشکاو و خشە خش
مامزە و چەکمە و جیرە جیڕ
هەرا و قیرە و شیرە شیڕ
هەروا بەم فاک و فیکە
بوو بە پیاوێکی دیکە

هەواڵنامەی کتێب

بە هەیبەت و مەترسی
جێگیر بوو لە سەر کورسی

## تەنبەڵی دووهەم

دووهەم تەنبەڵیان هێنا
ڕیشی درێژیان لێ نا
چاویان ڕشت بە کل و کلتوور
دەپێی کرد ئێمەنی سوور
تەسبیحی هەزار دانە
دەملیان کرد شێخانە
لە سەریان بەست شاڵی شین
ناویان نا شێخ محەیدین
وا لەبەر چاو زل ببوو
پیاو زەندەقی لێ دەچوو

## ئاواڵەکەی تر

سێهەمیان بە ڕووخۆشی
بەرگێکی ڕەشی پۆشی

هەواڵنامەی کتێب

سێ چوکڵەی حیلە بازان
ناویان لێ نابوو: چازان
جل تا بڵێی فش و فۆڵ
سێ چوار گەز کرابووە قۆڵ
کڵاوێک لەسەر سەری
کڵاوی چی! لەنگەری!
وەکوو گوێی کەری جڕجاڵ
سێبەری بۆ پێنج سەت ماڵ
کەوشی بریقەداری
ڕەوتی بە لەنجە و لاری
قەڵەمێ زل لەسەر دڵ
کتێبێک لە بن هەنگڵ
تا بزانن ئەم ئاغاشە
قانوون ڕێکخەری باشە

## یاسای تازە

ئاڵقەی یاسا تێک خرا
زنجیر بۆ گەل ڕێک خرا

هەواڵنامەی کتێب

یەک: ئەو کۆشکەی ساز دەبێ
پڕ لە خۆشی و ناز دەبێ
کۆشکی بلووورە بەناو
پێی هەڵمەکاڵێن بەچاو
دوو: هەر کەس پێی بڵێ خوار
یان جوێن دا بە بەرد و دار
یان لێی کار نەکا بە دڵ
یان لە بێگار بکا سڵ
دەکوژرێ لە دنیای ڕوون
لە قیامەتیشە مەلعوون
سێ: هەر کەس لە زۆر و کەم
لێی داوا بکرێ هەردەم
نەیدات بۆ کۆشکی بلوور
دەکوژرێ بەپێی دەستوور

## کار لە کۆشک

دەس کرا بە کار ئەمجار
لە خۆشتر مەڵبەندی شار

هەواڵنامەی کتێب

هەزار خانوو تێک درا
بنگەی کۆشک ڕۆ نرا
بە هەزاران کارەگەر
لە حەد بەدەر بارەبەر
ڕەمڵ و بەرد و قوڕ دێنن
بناغە دامەزرێنن
چی پشتە و عەرەبانە
لە کەرستە کێشانە
موهەندیس و میعماران
دەس ڕەنگین، شیرین کاران
دەستیان دا دەس کارگەر
بناغەیان بردە سەر
بە بلووری تواوە
پایە بەرز کراوە
هەرچی دارتاشی باشن
وا پەنجەران دەتاشن
چەند ئاسنگەر پێویستە
نێونووس کران لە لیستە

هاتن تەونگەرباشان
چنیان قاڵیچەی کاشان
نان و پێخۆری پیاوان
لەسەر هەتا بناوان
ماست و ڕۆن، گۆشت و پلاو
قاوە و چایی بە لێشاو
دەبوو بیدەن خەڵکی شار
بە تۆن، بە بار، بە خەڵوار
زۆریان لات هەڵبژاردن
سەر کاریان پێ سپاردن
زۆر خوێڕی و پەست و بێ هەست
بۆیان بوونە داری دەست
خەڵکیان لە بێگاردا کوشت
تا نهۆمێکیان داڕشت

## وتاری قولی بەگ

سێ تەنبەڵ چوونە ناوی
ڕۆژی حەفلەی تەواوی

خوتبەی بۆدان قولی بەگ
کە ئەی گەلی بە ئەمەگ
ئەی پاڵەوانانی کار
ئەی ڕەنجدەرانی هێزدار
نهۆمێکتان تەواو کرد
ناوبانگی خۆو بڵاو کرد
عافەریم سەد عافەریم
ئەوی من لە ئێوە دیم
بە هیچ کەس وا ناکرێ
کەس وا بەرگە ناگرێ
بەڵام نهۆمێک چییە!
شایستەی شارتان نییە
لە سەرمان پێویستە زوو
تەواو کەین نهۆمی دوو
ئەوی ئێستاش هەمانە
بیپارێزین مەردانە
جا قەزاو لە گیانی من
بەخۆ خۆش مەکەن دوژمن

کـــێ دارا یـــان نـــەدارە
تەقســیر نـــەکا لـــە پـــارە
ماڵـــی دنیـــا هـــیچ نییـــە
نێـــوی چـــاک ئەبەدییـــە
کـــێ ئازایـــە کـــار بکـــا
کـــاری بـــەرد و دار بکـــا
فکـــری باشمـــان بـــۆ کـــردوون
میداڵـــمان بـــۆ داڕژتـــوون
لـــە زێـــڕ و زێـــوی ئێـــوە
وێنـــەی خـــۆمی وا پێـــوە
کـــێ زۆر ئـــازا و گـــوێگر بـــێ
کـــێ پیتـــاکی پتـــر بـــێ
نیشـــانێکی دەدەیـــێ
دەی چـــاوم، هـــەر ســـبەینێ
دەســـت پـــێ کـــەین، دوومم نهـــۆم
لـــەمنو کـــەوێ کـــوڕی خـــۆم

هەواڵنامەی کتێب

ئەگینا کارمان لەنگە
لە قاتێک جێمان تەنگە

## فەرموودەی شێخ

ئەم جارە شێخ ڕدێن زل
دەم بۆز و چاو پڕ لە کل
سەر شین وەکوو دارە بی
پاش چەند وشەی عارەبی
فەرمووی کۆمەڵ بزانن
ئەگەر خاوەن ئیمانن
دەبێ ئەم کۆشکە سازکەن
ئێمە لە خەم دەرباز کەن
هەرکەس بۆ قاتی دوایی
کار بکا بە ئازایی
ماڵی خۆی پێ ببەخشێ
هەر تا کۆشک بنەخشێ
لەو دونیا پاش مردنێ
حەفتا کۆشکی دەدەنێ

حەفتا حۆرییان تێدایە
هەریەک نرخی دنیایە
کێ نانی خۆ و مناڵی
مافووری چاک و قاڵی
بێنێ بۆ ئێمە، بیخۆین
ڕایخەین، لە سەری بڕۆین
لە ناو بەهەشتی بەرین
تێر دەخوا شیر و هەنگوین
کێ لە دنیا فەقیرە
لاتە و کزە و زویرە
کێ زۆر پیس و چڵکن بێ
ئەسپێون و ڕشکن بێ
لە قیامەت زۆر لە پێشە
بەهەشت خانی دەروێشە
گەر دەڵێن تۆ بۆ وانی ؟
بۆ وا خاوێن و جوانی ؟
حیسابی من جیاوازە
شێخ لای خوا کاری سازە

هەواڵنامەی کتێب

ئێوە زاهیر دەڕوانن
لە باتین چ دەزانن!
ئێمەی زاهیر داپۆشراو
باتین بێ دەرپێین تەواو
بە زاهیر کەنان خۆرین
بە باتین هەزار جۆرین
ژنمان دەبینن جوانە
سەر سوورە و بن هەمبانە
جا لە منوکەوێ کوڕگەل
بۆ ڕێی خێر هەڵکەوت هەل
دەس پێ بکەن زۆر مەردانە
خودا و شێخ لە گەڵتانە

## یاسا دیسان

ڕەشپۆشی یاسا ڕێکخەر
ئەمجا هاتە سەر مینبەر
گووتی: قانوون ئەفەرموێ
هەرکەس هەیە و لە هەر کوێ

با بێـن بۆ کۆشکی چاک
نوێن و پۆشاک و خۆراک
برنج و ڕۆن وکوتاڵ
گیسک و کاوڕ و پوڵ و ماڵ
چی لە بەرد نەرمتر بێ
کۆشکیش دەبێ وەرگرێ
نەهێنێتە بەر گرێ
کۆ بە کار و ئازایە
ناشێ خۆ بداتە دوایە
ماندوو بێ تا دەتوانێ
خۆی بە ماندوو نەزانێ
با بخوا هەرزن و جۆ
پێخۆر، ئاو، گەر نەبوو دۆ
بسازێنێ بە بەشی
تووش نابێ چارەڕەشی
کێش بێ شەرمە و بێ کارە
تەن پەروەر و نازدارە

گوێ ناداتە عەیب و عار
وەک نیسکە بێ پشت و بار
لە ڕێگەی چەند قرۆشێ
حەیا و شەرەف دەفرۆشێ
زۆر قەڵپ و تەوەزەلە
بێتە لامان بە پەلە
بەخێویان دەکەین زۆر باش
دەبنە گزیر و سوور باش
دەستیان دەگەڵ دەستی مە
پێکبێنن مەبەستی مە
کارمان بە ئێی وا زۆرە
دار ناقەڵشێ بێ هۆرە

هەزارنامەی کتێب

## دڵخۆشکەرە

ئازادن بەپێی قانوون
ئای چەند خۆشە ئازاد بوون!
ئەگەر دەمرن لە برسان
یان دەتۆقن لە ترسان

سواڵ کەن زەلیل و زەبوون
شەو لە بن پردان بنوون
کەس هەقی نییە بە سەرتان
قانوون بووەتە لەمپەرتان
ژن کە برسی و بێ نانە
دەچێتە قەحبەخانە
بۆ نانێ خۆی دەفرۆشێ
دەردو زوخاو دەنۆشێ
کەواد ئازادە بیکڕێ
لێیدا، بیکوژێ، بیبڕێ
بە منداڵێو نەخوێنن
یان باش نەیان عاملێنن
یان بە بێ دەرمان بمرن
یان قەت ڕێی چاکە نەگرن
دەتوانن، چونکە قانوون
ئەو ڕێگەی باش کردووە ڕوون
کێ فێڵباز بێ لە ناوتان
بدزێ زێڕ و دراوتان

هەواڵنامەی کتێب

بە سووتخۆری و شیربایی
بە تاجری و ئاغایی
یان بە شێخی و دەروێشی
بە مارگری و بەنگ کێشی
یان بە سواڵ و سەدەقە
بە قانوون خاوەن هەقە
کێ لێمان بێت ناڕازی
دەس کا بە چەنە بازی
لەسەر هەژار بێتە جواو
بۆی بخوازێ نان و ئاو
کار و پێڵاو و پۆشاک
خانووی خاوێن و ڕووناک
نەخۆشخانە داواکات
بۆ چاری دەرد هەرا کات
لەوێ خوێندن پێویستە
ئەو کەسە کۆمۆنیستە
بە قانوون گوناهبارە
جەزای حەپسە و سێدارە

لە شەرعیشدا کافرە
جێگای لەناو ئاگرە
قانوون دیموکراتییە
شتی وا باش هەر نییە
لە ڕۆژهەڵات بەولاوە
هەر ئەم قانوونە باوە
خۆم بەختەوەر دەزانم
ڕێکخەری قانوونتانم
جا ئەی کۆمەڵی ئازاد
ئەی دڵشاد بە عەدل و داد
لە سایەی ئەم قانوونە
ئێستا ڕۆژی یەکبوونە
مل لێنێن ئازا و جەسوور
تەواو کەن کۆشکی بلوور
زووی تێدا ڕۆبنیشن
کە زانیمان بۆ ئێشن
ئەوسا خۆشی لە خۆتان
قانوون زۆر دەکرێ بۆتان

هەواڵنامەی کتێب

هێندەو بۆ درێژ دەبێ
سەرتان تێدا گێژ دەبێ

## کارداری کۆشک

کێ لە هەر کوێ تەنبەڵ بوو
لە پیاوەتی پووچەڵ بوو
کێ کەیفی لە کار نەبوو
بە هیچ شەرمەزار نەبوو
ڕووی لە کۆشکی زل دەکرد
دادەمەزرا دەستو برد
بوونە کارداری خونکار
کوتەکی دەستی زۆردار
زۆر خۆشیان هاتە بەر چاو
بێ ماندوو بوون نان و ئاو
بوون بە سێ بەش ئەوانە
کامەی تەنبەڵتریانە
دەبەریان کرد کەوای شۆڕ
زل و سەوز سەر و پۆڕ

هەواڵنامەی کتێب

تا بۆ کار خەڵکی هان دەن
کۆشکیش قایم نیشان دەن
نامووس و دین پێخوست کەن
بە درۆ حەدیس دروست کەن
بەرنە مێشکی حەشامەت
کە تا ڕۆژی قیامەت
ئەو کۆشکە هەر دەمێنێ
هیچ هێزێک نایڕووخێنێ
کێ بیر کات لە ڕمانی
دەمرێ بە بێ ئیمانی
لەوی زۆر سێگ و زۆرزان
کۆنە چەکمەڕەق و خان
دەستێکیان گل دانەوە
هەر لە کۆشکا مانەوە
چی ملهووڕ و ئەحمەق بوون
بێ مێشک و کەللەڕەق بوون
زۆڵ و دەسبڕ و چاو شۆڕ
ڕووناخۆش و مووچ و مۆڕ

زمان شڕ و داوێن پیس
بوونە چەکدار و پۆلیس
قایش و قرۆش جل و بەڕ
شیر و خەنجەر و وەڕ وەڕ
وایان لە خۆیان دەکرد
زراوی خەڵکیان دەبرد
هەرچی کۆشک دەیفەرموو
جێبەجێیان دەکرد زوو
زیندانیان دروستکردن
جێگای ڕزین و مردن
تا هەرکەس بۆیان نەلوێ
جێگەی هەبێ لێی بنوێ
پیتاکێکیان کە دەستاند
پشتی باجدەریان دەشکاند
دراو بۆ کۆشک چەندە
بۆخۆشیان دوو ئەوەندە
هەرکەس گوتبای وا نابێ
دەبوو ماڵی خرابێ

دەڕزێندرا لە زیندانان
دەکرا بە تۆزی بانان

## دەس کرایەوە بە کار

سەر لە نوێ خەڵکی ناو شار
چوونە ژێر بار و بێگار
جاران کە بە نەرمی بوو
ئەوجار بە بێ شەرمی بوو
کار دەکرا بە کوتەک و جوێن
ئارەق تێکەڵ بوو بە خوێن
کەلێک پۆلیس و چاوەش
لە سەر فەعلان کرا بەش
هێندێک دەچوونە بازاڕ
لە ناو خەڵکیان دەدا جاڕ
زووبن نان و جل بێنن
خێراکەن، رامەمێنن
گۆشت و هێلکە و شیر و ڕۆن
تووتن و پەڕ و عەتر و بۆن

ماش، برنج، نۆک و نیسک
بزن و مەڕ، کاوڕ و گیسک
خەڵکی کۆشکیش هێندینکۆن
زۆریان دەوێ تێر بخۆن
کۆمەڵ گشت تیرە و گەلی
کەوتە سەر ساجی عەلی
نەما بیخۆن توند و شل
غەیری سوێند بە کۆشکی زل

## تڕی خوسرەو

ئەو کۆمەڵە هەژارە
ڕزگار دەبوون لەو کارە
کارێ تر دەیگرت جڵەو
ببوو بە تڕی خوسرەو
بێگار هەر نەدەبڕاوە
هەر لەو کۆشکە گلاوە
بە دوان ڕانەوەستا کار
نهۆم بوو بە سێ و چوار

هەواڵنامەی کتێب

هەمووش هەر جمەی دەهات
لەبەر زۆری حەشامات
گشتی نانخۆری تەنبەڵ
ڕژد و چنۆک، بە گێچەڵ
هەرواش زوو دەبوون خوێڕی
خوا وەخێری نەگێڕی

## نەدەترسان

دانیشتووی ئەو سەرایە
لە گاڵتەوگەپ و کایە
لە خواردنەوە و لە مەستی
لەبەر شەهوەت پەرستی
لە بیری ژیان خۆشی
کەوتنە بیری بێ هۆشی
فکریان نەدەکرد جارێ
هەیاران خەڵکی شارێ
نان و ئاومان لە سەریان
جلمان داکەند لە بەریان

هەواڵنامەی کتێب

پاروومان لێ ڕفاندن
ئێسکیشمان لێ کراندن
ئاخر جارێک، ئاوڕێک
لە هەزار مەڕ کاوڕێک
شتێکیان بدەینەوە
بیرێکیان لێ بکەینەوە
پیاو مانگایەک دەدۆشێ
شیر و ڕۆنی دەفرۆشێ
دەیسپێرێ بە گاوان
بیباتە مێرگی پاوان
بە دار لێی نادا بە قەو
دەیباتە تەویلە شەو
لە ترسی قڕنوو و گەنەی
دەدۆزێ کلک و چەنەی
هەر بکۆخێ لەسەرمان
دەیگاتە سەر بە دەرمان
تاژییەکی هەیە بۆ ڕاو
لەبەر خەو چاو هەڵمساو

کلک لە گەڵۆز، بۆگەن
نان بێنن بۆ سەی ڕەسەن
تا پایز بەخێو دەکرێ
کەروێشکێ بگرێ و نەگرێ
بەڵام مسکێنی هەژار
پۆلای پاڵەوان لە کار
ئارەق ڕژێن و جووتکەر
داس وەشێن و ڕەنج بەر
بەننا و جۆلای کوتاڵ چن
فیتەری پۆلا و ئاسن
لەسەر هێزی کارەگەر
زەوی گرتوویە لەنگەر
چۆن وەک سەگی نەزانن!
وەک مانگای لێ نەڕوانن!
ناترسن ئەو عیفریتە
ئەو سەر مەری چاو زیتە
ڕۆژێک لێیان ڕاپەڕێ
تەخت و بەختیان وەرگەڕێ

هەواڵنامەی کتێب

کاتێ پێوانە پڕ بێ
بیکەیە سەر لێی دەڕژێ
لەوێش پێوانە پڕ بوو
خەڵکی شار حاڵیان شڕ بوو
پیاو هەتا دەوڵەمەندە
ترسەنۆکە و دەربەندە
دەترسێ تالان بکرێ
قەرزی لای خەڵک بخورێ
نەوەک موڵکی لێ ببڕن
زگی گامێشی بدڕن
بەڵام هیچت نەمێنێ
کێیە چت لێ بستێنێ!

هەواڵنامەی کتێب

## بەزمی ڕووتی

دەڵێن هۆلاکۆ جارێک
دەچێتە دەوری شارێک
دەڵێ لە چووک و گەورە
هەرکەس پێو وایە چەورە

ده لیرەی لێ بستێنن
دڵی هەژار مەشکێنن
لە بنەوە ناردی پیاوێ
لە شار بگێڕێ چاوێ
دێتەوە دەڵێ: ئاغام
تەواو بە شارا گەڕام
باجدەر بار لەسەر لێون
ئێ زۆر زل قوڕ دەپێون
دەڵێ کێ بۆتە حاجی
هەزار لیرەیە باجی
کێ لەوان نێرەوی ترن
خۆو ئەندازەی بگرن
نامەوێ چیان بمێنێ.
جاسووس خەبەرێ دێنێ:
خەڵک کەمیان وەڕەزن
هەر حاجین تۆزێک کزن.
دەڵێ: حاجیان تالآن کەن
جا وەرن بۆم بەیان کەن.

هەواڵنامەی کتێب

جاسووس دێ بە پێکەنین
کە ئەی خانی سەر زەمین
بەزمێکە بەلام بەزم
کەس نەما بڵێ ئەزم
کەس ئاگای لە کەس نی یە
فەرقی شێخ و قەس نی یە
تێک هەڵدانە و شەرەشەق
چرە وگورە و چەقەچەق
هەڵپەرکێیە سێ جرتی
سەرچۆپی حاجی گرتی
قازی گۆرانییان بەڵێ
مەملی مەمۆ و سەوزەڵێ
خانی وشیار و زانا
بلیمەت لە جیهانا
دەڵێ: نامە با ڕاکەین
شارێکی تر پەیاکەین
بەزم بەزمی ڕووتییە
هەڵپەرکێی نابووتییە

هەواڵنامەی کتێب

لەناو گەلان شەرمەزار
دەبن و دەکەونە بەر زار

## شەندە و مەندە

خەڵکی شار بیستیان ئەمە
کەوتنە چپە و هەمهەمە
لاوان گوتیان هەر ئێستە
کۆشکی بلوور پێویستە
کارمان بێ کۆشک گەندە
کەم نییە شەندە لە مەندە
چۆن خەڵکی تر هەیانە
لەچاو ئەوان چمانە!
ئابرووی شاری خۆ نابەین
دەبێ ئەم شەرمە لابەین
کۆشکی بلوور لە شارا
وەک خاڵە لە رووی یارا

هەواڵنامەی کتێب

پیریش گوتیان کەوابێ
بش بێ زیانی نابێ

## شوانی ناخوازن؟

ڕوویان کردە سێ تەنبەڵ
نەک سێ تەنبەڵ، سێ دەغەڵ
وتیان ئەی پیاوی زانا
ئەی لە عەقڵا تووانا
وەک لە دەردان دەزانن
هەر بۆخۆشتان دەرمانن
کۆشکی بلوورین چییە؟
زانستیمان پێی نییە
دە ئێوە تەشریفتان بێن
بۆمان دانێن: ڕێوو شوێن
لەنگۆ بیر و لەمە کار
لەم شەرمە ببین ڕزگار
"بە گورگیان گووت ببە شوان
دای دایە قوڵپی گریان"

## کلکە لەقە

قولی بەگی عەنتیکە
زانی بەلا نزیکە
بەسەد قانوونی ڕەشپۆش
ئاگرێکە نابێ خامۆش
بە زۆری دانامرێ
بەبێ نەرمی ناکرێ
بۆی کەوتە کلکە لەقە
وتی چی دەڵێن هەقە
فەرموون، فەرموون وەرنە ژوور
ببینن کۆشکی بلوور
دیموکراتی دەنوێنم
ڕەعیەتی خۆم دەدوێنم
هەقتان هەیە بپرسن
داوای جواب کەن، مەترسن!

## کوێرا زۆر بوون؟

وتیـــان: ئـــەی خـــاوەن شـــکۆ
گـــەر گـــران ناهـــێ لـــە تـــۆ
بێـــژە ئـــەو کۆشـــکی وا زۆر
چـــۆن وا پـــڕ بـــوو لـــە نـــانخۆر؟
چلـــۆن ریشـــەی مـــەو کێشـــا
ئـــاخر ئێـــوە لـــە پێشـــا
ســـێ کـــەس بـــوون، هـــاتن پێـــرار
کوێـــرا بوونـــە ســـێ هـــەزار؟

هەولێنامەی کتێب

## بە گوڵمەز فێرم

گـــوتی: ئـــۆ...ئـــەی کـــوڕانم
وەرامتـــــان بـــــاش دەزانم
مـــن زۆر بـــە گوڵـــمەز فێـــرم
وەرن بۆتـــــان بژمێـــــرم
ئـــەم ساڵـــۆنە زەلامـــە
بـــۆ ڕۆنیشـــتن جێگامـــە

ئەو ژووره لێی دەخۆم نان
ئەوەش بۆ قەننە کێشان
دیوی قاوەیە ئەوە
ئەوەش جێی چێشتە خەوە
هۆوەش حەرەمسەرایە
سەد ژنێکی تێدایە
عەیبە گوتەنیش، ئەوان
بۆ بەزم و گاڵتەی شەوان
بە ڕۆژ لە کاری ئێوەم
شەویش تا ڕۆژ لەو نێوەم
ئەو ئەفەندییەی وا قۆزە
وا بە دەعیە و بە پۆزە
کۆمەگم دەکا بە بیر
نێوم لێناوە ئەمیر
ئەوەش کۆمەگە بۆ ئەم
خۆتان ببژێرن سەرجەم
سی چل کۆمەگ بۆ کۆمەگ
هەمووی خان و ئاغا و بەگ!

ئـــــەمیان قـــــاوەچی خۆمـــــە
بـــە گزادەیــــە.. نـــە دۆمـــــە
ئـــــەوەش کۆمـــــەگی ئـــــەوە
وەک هــــی پێشــــوو بیرکـــــەوە
دە کـــــــەس چراهەڵــــــکەرە
چــــل کـــــەس گەســــک لــــێ دەرە
پێنج شەش کــەس مـێش دەکـووژن
جلشــــــۆرمان بیســـــــت و دوو ژن
دە کــــــەس باوەشـــــێنکەرمن
چــــل پـــــەنجا چێشـت لێنـــــەرمن
لــەو خەڵــکە ســێ یـــاچواری
لەگەڵـــــما دەکــــــەن یــــاری
پـــــەڕ و شــــــەترەنج و تەختـــــــە
دەردی بێکــــــاری ســـــــــەختە
بـــــــەچی وەخـــــــتم ڕابـــــوێرم
یــــــاری لـــــەمێژە فێـــــرم
شـــــەش حـــــەوتێک قسەخۆشـــــن
جەفـــــەنگم پـــــێ دەفرۆشـــــن

دوو سێ کەسیان شاعیرن
زۆر خۆوێژی ماهیرن
بە درۆی قەڵەو و پتەو
پێم هەڵدەڵێن ڕۆژ و شەو
هێندەم پێ هەڵگوتراوە
خۆم لە خۆم لێ گۆڕاوە
چەند کەسێک سەگەوانن
زۆر باشی لێ دەزانن
تاژییەکانم زۆر باشن
لە نان خواردن وەک ئاشن
چنگ درێژ، ناودەست بڵاو
هەتا بڵێی خێران لە ڕاو
هەڵۆ هەش نۆ جاری کوشت
کەروێشکێکی خوارد لە پشت
ڕێوی ڕاو کرد لە کێوی
بەخوای فێڵبازە ڕێوی
ئەوی لەو ژوورەتان دین
هەموویان ڕۆژنامەچین

هەواڵنامەی کتێب

نووسین بە پوڵ دەفرۆشن
عەیب و عارمان دەپۆشن
هەرچی بیکەم، زۆر و کەم
بنووم، بخۆم، دەبەرکەم
چی بێتامە ببێژم
یاخۆ بشکێ دەسنوێژم
چون رێک و پێک و جوانە
بۆم دەنووسن ئەمانە
دنیای بەبێ ڕۆژنامە
ژیانێکی حەرامە
مەیتەریش ئەو چلکەسەن
ئەسپم هەن هەموو ڕەسەن
زگ تێر و دەم دەستاڕن
لە پەستا جۆ دەهاڕن
لە گرێوە ئەسپا تاقن
درێژن، لەسەر لاقن
هەر ئەسپێ پێشیان کەوێ
زەوتی دەکەم هەر لەوێ

ئەمەش خواجەی حەرەمە
تا چاکەی بڵێم کەمە
ئاگای لە ژن و ماڵ دەبێ
تووشی سەد ئۆباڵ دەبێ
چەند لاوێکی بەدەستە
پشتی خۆتیان پێ بەستە
ئەو سەر بێ تووکەو دیوە ؟
بنان گوێی دەرپەڕیوە
زگ زەلامەو مل ئەستوور
چەنە کورت و لووت شەیپوور
زۆر وشیار و بێ هەستە
دە نووسەری بە دەستە
ڕەئیسی باج گرانە
ئەرکیان زۆر لەسەر شانە
چی ئێوە دەیدەن بەمە
هەرچەند بڕێکیش کەمە
دەنووسرێ هەر لەڕێوە
چۆن خوا هەڵدەگرێ، ئێوە

باوەڕیتان بە من بێ
بێڵم هیچتان لێ ون بێ!
ئەم پیرەش هەر پزیشکە
مەیدوێنن: کەللە ویشکە
لە هەندەران هێنامان
دەستی منتان بە دامان
زۆر لەلای ڕامەوەستن
گەلێک شتی بە دەستن
ئەو تاقمەش مۆسیقارن
هەڵبژێراوی شارن
بلوێر ژەن و قام بێژن
ئینشاڵلا ڕۆژی جێژن
کە زۆر بێنن جێژنانە
زۆر گوێ دەگرن لەمانە
ئەو ئاغایەش ڕەئیسە
یانی سەرەک پۆلیسە
ئێوە خۆتان دەزانن
زۆر کەس زۆر بێ ویجدانن

هەواڵنامەی کتێب

زیندوون لە مولکماندا
لەو دەشتی دوور و پاندا
لەژێر عاسمانان دەژین
جارێک نالێن ئێمە چین!
هەلدەمژن هەوای ئێمە
نارەقسن بە نای ئێمە
پیتاک نادەن بە جوانی
منیش بە باشم زانی:
جەندرمە و کوتەکمان بۆ
پیاوی خاوەن چەکمان بۆ
تا کۆ زوو بتاج ناهێنن
تۆزێکیان تێ سرەوێنن
ئەم کابرا سمێل فشەی
زلەی بە نرکە و مشەی
مل چرچەی شەپکە لەسەر
لەژێر دەستی دان نووسەر
کاکی سەرۆک تەشریفە
زۆر پیاوێکی زەریفە

هەواڵنامەو کتێب

هەرکەس بێتە کۆشکەوە
یان دەرچێ لە دەرکەوە
دەیان نووسن لە دەفتەر
جا ئێواران سەر لەبەر
هاتوو چۆ کەر دەبژێرن
ڕاستی گەلێک بەخێرن
جێ ڕاخەر و جێ هەڵگر
کێشکچی جوچک و مامر
چەند حەمامچی و کارەکەر
چەند دەرکەوان و نۆکەر
هێندە دەست و پێوەندن
خۆشیان نازانن چەندن

هەواڵنامەی کتێب

## دێموکراتی ئاوایە؟

ئەوی پێتانم فەرموو
هەڵم بژارد ماست و موو
تەنیا هی منن، ئی وانیش
یانی ڕەفیقەکانیش؟

چـــازان و شـــێخ محەیـــدین
وا بـــزانم زۆر پتـــر نـــین
دیمـــوکراتی ئاوایـــە
هـــەموو کەســـێک برایـــە
لـــەو ڕۆژەوە کـــە هـــاتووین
بـــۆ کۆشـــک دەســـتەبەر بـــووین
نـــەرم و ڕەق هـــەرچی ماڵـــە
بەشـــی ئـــەم دوو هەواڵـــە
وەک خـــۆم دامنـــاوە و چـــاتر
جـــا ئێـــوەش، تـــۆزێ زیـــاتر
ســـێ ئەوەنـــدە بژمێـــرن
خواردنمـــان بـــۆ بنێـــرن

## کوێخاتان کەم نییە!

دەمـــەوێ تـــێ گـــەیین بـــاش
چمـــان نەخواســـتووە، بـــەلاش
ئەمانـــە گشـــت نـــان دەخـــۆن
کارتـــان بـــۆ دەکـــەن، جـــا چـــۆن

لە ئێمەو دێتە بەرچاو
گۆشت و ڕۆن و نان و ئاو؟
ئێمەش زەحمەتمان کێشا
شان و پیلمان زۆر ئێشا
مێشک و بیرمان ماندوو کرد
کۆشکێکمان لە نەبوون کرد
ناوبانگی کۆشکی ئێوە
گەیوەتە کوێ لە کوێوە!
خوا ئێمەی بۆ گەیاندن
دنیامان پێ ناساندن
دەتوانن خۆ هەڵکێشن
لە کۆشکا زۆر لە پێشن
هیچ کەس شتی وای نییە
کەس هێندە کوێخای نییە

## قەدر گرتن

ئەمڕۆش کەوا میوانن
نامەوێ وای بزانن

من ئێومم لەبیر نییە
نەقڵی مار و سیر نییە
هەرچی لێتان سێنراوە
خۆ تەواوی نەخوراوە
ئەو مەڕانەی هێناتان
بە دیاری بۆ براتان
گۆشتیان خورا لە چێشتا
سەریان هەر ماوە هێشتا
دادەی نۆکەر ڕاپەڕن
بێنن چی سەرە مەڕن
ڕاکەن، زووکەن، بزانم
ئێوەش ئەی براکانم
هەرکەس سەرێ وەرگرێ
بێ زەحمەت بچتە دەرێ
بەگ کردنی وڕ و کاس
هێندەی هەڵڕژت قسە و باس
خەڵکی شار بە لارە لار
دڵ بریندار و هەژار

هەواڵنامەی کتێب

سەر بە دەست بە پرتە پرت
بەرەو دەرکە ڕێی داگرت

## سەری پووچەڵ

دەیان ویست بچنەوە ماڵ
لەپڕ کوڕێکی منداڵ
بانگی کرد: خەڵکە مەڕۆن
دەچنەوە ماڵ چی دەخۆن؟
ئەم سەرانە کوڵاون
مێشکەکانیان نەماون!
قولی بەگ لە پەنجەرێ
سەری هێنایە دەرێ
گوتی ڕۆڵەم مەوەستن
بۆ مێشک چ دەربەستن؟
مێشک بۆ ئێوە چییە؟
چ بەهرەی پێوە نییە!
یەکێکی تر نەڕانی:
ئەدی کوانێ زمانی؟

هەواڵنامەی کتێب

گوتی: گیانی شیرینم
زمان دارت نەبینم
چ کارێکتان بە زمانە؟
مەپرسن لەم نەزمانە
خوا نەکا زمانوو بێ
بۆ ئێمە زیانوو بێ!
یەکێ هەرای کرد بە قاو
کێ دیویە سەری بێ چاو!
قولی بەک توورە بوو لێی
گوتی: چاوزیت کوڕی کێی؟
چاوتان بۆ چییە؟ چاوم
لە داخان هەڵمساوم
چاو بۆ دین داندراوە
نابینن، چوو لە چاوە!

## سەری ناوێ

دیسان گەلی ژیان تاڵ
بزووتنەوە بەرەو ماڵ

ڕازی بە سەری کولاو
بێ مێشک، بێ زمان و چاو
بەڵام لاوێک نێرە کوڕ
گوڕاندی بە هێز و گوڕ:
من ئەم سەرەم بۆ چییە
هەرگیز کارم پێی نییە
سەر لە دەستا، خۆی بادا
گرتی و بە کۆشکی دادا

## ڕەهۆڵ

عالەم بەجارێک تاسان
کەوا بە سووک و هاسان
کۆشک کون بوو بەو سەرە
لە ڕزی دەرک و پەنجەرە
جێی ئەم سەرە چکۆڵە
زلە دەڵێی ڕەهۆڵە
دیارە تیتاڵ و هۆ بوو
قسەی مەلا درۆ بوو

هەواڵنامەی کتێب

سـەر کۆشک دەڕووخێنی
هەرکەس سەری خۆی بێنی

## سەر باران

هەرچی سەریان لە دەستا
هەمووی بەڕیز ڕاوەستا
بانگی کرد یەکێکی پیر
پیری دنیادیدە و ژیر:
یالّلا کوڕگەل خۆ بادەن
سەرتان بە کۆشک دادەن
یەک جێ لەلایەن یاران
کۆشک کرا سەرباران
کۆشکی زل کردی خرمە
لە دوور دەبیسرا گرمە
هەرچی تێدابوو مردن
چەوتی بەو دەردەی بردن
هەر هێندەی یەک کفلەکوون
دەتگوت تەنبەڵ هەر نەشبوون

هەولێرنامەی کێبر

کۆشک نەیما ئاسەوار
بێجگە نەحلەت لە زۆردار

## بەزمە

منداڵ و پیر و جحێڵ
دەستیان دا پێمەڕە و بێڵ
پاکیان کردەوە تەواو
بلوور و شووشەی شکاو
لەجێی کۆشکا گرتیان دەست
لاوی قۆز، کیژی چاومەست
ڕۆینە و چۆپی و شێخانی
دەیانگوت بە گۆرانی:
"بە زۆر بستێنی مەڕێ
کەللەسەرت دێتە ڕێ"
پاش بەزم و شیرنی خواردن
کەوتنەوە هەڵبژاردن
کێ جاران کار ڕێکخەر بوون
کێ زۆرتر بەهرەدەر بوون

هەڵبژێران دووبارە
پێ ڕابگەن بەو شارە
دیسان وەک جاری جاران
دەستیان دایەوە کاران
هەرەوەزی ژیایەوە
بژیو زۆر کرایەوە
بەختەوەری و ژینی خۆش
خەمی کردن فەرامۆش

## هەر عەقڵەی لە خەسارێک

تێکەیبوون لەو مەودایە
هۆی چی بوو ئەو بەڵایە
زانییان کە خوێندن نەبوو
بەو دەردەی بردن کە بوو
دەرسیان وەرگرت دەرسی باش
قەراریان دا لەمەو پاش
هێند درووست کەن مەدرەسە
تا خۆیان دەڵێن بەسە

هەواڵنامەی کتێب

چ کوڕ بێ و، چ کچ، مناڵ
تا دەگاتە چاردە ساڵ
مەیلی بێنێ و نەهێنێ
بەزۆر دەبوو بخوێنێ
هەر منالێ وریا بێ
با خوێندنی بالا بێ
زۆر بن خوێندنگای بڵند
ڕیشەی ژیان بکەن توند
گەر خوێندەوار بێ کۆمەڵ
ناخوا فریوی تەنبەڵ

## وەسیەت

تا ئێستاش کۆنە پیاوان
وەسیەت دەکەن بۆ لاوان
دەخیل: نەکەن بە هیچ جوور
دروست کەن کۆشکی بلوور
بەڵام دنیا بوو، ڕۆژگار
تووشی کردن بە ناچار

پێشتان وابوو لاناچێ
بە هیچ قوڵنگ و پاچێ
سێ چوار سەری باوێنێ
خاترجەم دەیڕووخێنێ

•

[کۆتایی]

هەواڵنامەی کتێب

# فەرهەنگۆک

مێهرداد ڕامیدی نیا ڕێکیخستووە

## ئ

ئاوڵە: خورویلکە، خوریکە، نەخۆشییەکە

ئۆباڵ: گوناه، ئاز و بەزە، وەباڵ، گوناح

ئەز: ئەمن، من

ئەمەگ: ئەمەک، وەفا، بەینەت

ئیش: کار و فرمان، واژەیەکی تورکییە هاتۆتە ناو زمانی کوردی

ئێمەنی: جۆرە کەوشێکی سووری بێپاژنەی پیاوانەیە

هەواڵنامەی کتێب

## ب

باتین: ناوزگ، ژووری، ناوەند، ناوەرۆک

بژیو: مایەی ژیان، هەرچی مرۆڤ پێی دەژی

بلیمەت: مرۆڤی کەموێنە، هەڵکەوتە

بنگە: بنەڕەت، بناغە

بۆز: شینی ئاماڵسپی، ڕیشی ماش و برنجی، سپی و ڕەش تێکەڵاو

بۆژۆ: بۆژە، بۆژۆ، وەکەیف کەوتن پاش لەڕی و کەساسی
بەرتیل: ڕیشوە، ڕیشوەت، خاوە بۆ کار پێک هێنان
بەنگ: حەشیش، گیایەکە دەیکێشن و خەیاڵ دەیانگرێ

## پ:

پارە: پووڵ، دراو، دراف، پیل (لوڕی)، پەرە
پاوان: قەدەغە، قۆرغ کردنی باغ یا زەوی کەسێک کە نەتوانی بچێ تێی
پووچەڵ: بێنرخ و بێبرەو، پووچەک
پۆڕ: مووی سەر؛ بەرین، هەراو؛ ڕێک و جۆر، باڵندەیەکە
پەست: وەڕەز، جاڕز
پێخوست: پێخوس ـ ئەو شوێنەی زۆر بە سەریا ئاموشۆ بکرێ
پێوانە: ئامرازی پێوان، قاپی بەراورد کردن

## ت:

تاسان: گێژ و وڕ بوون، کاسان
ترخێنە: چێشتی شێلم و دان، شەلەمین
توون: ئاگردانی گەرماو (حەمام)، جەهەننەم
توێڵ: تەوێڵ، ناوچاوان، هەنیە
تەونگەر: تەونکەر، ئەو کەسەی فەرش دەچنێ

تەوەزەل: تەمبەڵ، تەپ، تەپلۆس، لەش گران

تیتاڵ: قسەی گاڵتە، ئاین و ئۆین، تۆمەت، زۆرزان

تێسرەواندن: لێدان لە پڕ و نەکاو

## ج:

جاڕ: ڕاگەیاندن بە دەنگی بەرز؛ جێگەی دەخڵی درویێنە کراو

جاو: شاڵی لە داوە لۆکە؛ کۆنە و شکاو

جرجاڵ: ججاڵ، کەرسوارێکی خەیاڵییە کە ڕۆژێک دنیا دەگرێ.

جلەو: هەوسار، ڕەشمە، قامچی لغاو

جمە: کۆمەڵ و پڕایی خەڵکی، ئاپۆرای حەشیمەت

جمین: بزووتنی خەڵکی زۆر

جوێن: جنێو، قسەی پیس، دژون، سخێف

هەواڵنامەی کتێب

## چ:

چازان: زانا، لێزان

چاو خوڵکە: چاو قوڵکە، تاعوون، وەبا، درمی ڕشانەوە

چاوشۆڕ: خەجاڵەت

چپە: سرتە؛ دەنگی داکەوتنی دڵۆپە

چنۆک: تەماکار، بە ئێرەیی، چاونەزێر، ڕژد، چکود

چۆپی: هەڵپەڕکێ، دیلان، کەسی یەکەمی داوەت

## ز:

زانگە : جێگەی منداڵ بوون، زایشگە

زراو: زارە، کیسەی زەرداو، زاقر، توانای بەرامبەری

زریزە: زنجیرۆکەی زۆر باریک

زووخاو: کێم و خوێنی تێکەڵاو

زەبەلاح: مرۆی تەژەی نالەبار، زلحۆرت، زل

زەندەق: ورە، هێزی دڵ

زەوت: داگیر کردن، زەفت، ئارام

زیت: وریا، وشیار، چاو لەسەر هەست

زیلە : زڵلە، شەق، زیندووی چکۆڵە، زبل، وردە ئاگری ناو خۆڵەمێش

هەولنامەی کتێب

## ژ:

ژیر: زانا، ئاقڵ، بەئاوەز ـ لە گریان ڕاوەستاو

## س:

سامال: ئاسمانی پێ‌هەور

سڵ: سرک، ڕەوەک، قوشقی، تۆڕ

سووریاش: هەمەکارە و دەمڕاستی ئاغا لە گونددا

سەوزەڵێ: واژەی دواندنی جوانی سەوزەڵە

سێجرتی: سەما و هەڵپەڕکێی بەرهەڵداو توند حەوا دان

## ش:

**شۆڕ:** داهێڵراو ، جوانچاک: (شۆڕەژن)، کارامە و چالاک

**شەلات:** مل وڕ

**شێخانی:** جۆرێ هەڵپەڕکێ و گۆبەند لە کوردەواریدا

**شیشۆکە:** شیشۆقە ، قاشوولکە ، وردە شووشە سواڵەتی ڕەنگدار کە منداڵان قوماری پێدەکەن

## ع:

**عاملاندن:** ڕاهێنان ، فێر کردن ، بەخێو کردن

**عەرەبانە:** عارەبانە ، ئامرازی شت گوێستنەوە ، داشقە

هەواڵنامەی کتێب

## ف:

**فاکوفیک:** حیلە و حەواڵە ، خەیاڵاتی پووچ

**فرچک:** ژەک ، هەوەڵ شیر ، حینچکە

**فش و فۆڵ:** زێدە لە پێویست گوشاد و فرەوان

**فەرەجی:** باڵتۆی بەرگن

**فیتەر:** زەبەلاحی بەهێز ، تەژەی بەخۆوە

## ق:

**قات:** شتێک کە دەست نەکەوێ؛ نەهۆمی خانوو؛ دەستێکی تەواو لە کاڵا یا نوێن

چوختی: وریا ، لە کار دەرهاتوو ، مەزبووت
چوکرە: چیلکەدار ، سووچ و قوژبن ، ددانی پیت ، پشکی مەشکە و پێستە
چوکڵە: کار تێکدەر؛ لەتکە دار
چەپەڵ: پیس ، چڵکن ، گەمار ، دزێو
چەکمەڕەق: لاسار و بێگوێ ، بەگزادەی نابووت ، گوێ نەبیس و سەرسەخت ، دیکتاتۆر
چەنبەر: گەمە ، گاڵتە؛ دەورەی هەر شتێ
چەوت: خوار ، لار ، چەفت

## ح

حەشامەت: حەشامات ، ئاپۆرەی خەڵک ، قەرەباڵغی مەردم
حەفلە: جێژن ، ئاهەنگی شادی

## خ

خرمە: دەنگی وێککەوتنی خشڵان ، دەنگی کرۆژتن
خوونکار: پاتشای مەزن ، میری گەورە

## د

دراو: پووڵ ، پارە ، پەرە ، دراف ، پیل (لوڕی)
دەستەبەر: زامن ، داشقە

هەواڵنامەی کتێب

دەغەڵ: فێڵباز، گزیکار، دەسبڕ؛ گیای نامۆ لە نێو دەغڵدا
دەقنەشکاو: دەست لێنەدراو، گنج نەشکاو، ساغ

## ر

راخوڕ(ین): بۆڕاندن، داخوڕین، هەڕەشە کردن، هاوار کردن، قیڕاندن بە توڕەییەوە
رامان: مات بوون و بیر کردنەوە، دە بیرەوە چوون
راوێژ: دەراوی دەم، تەگبیر و ڕا، بە خەیاڵ بۆ چوون
ربە: جۆری پێوانە بۆ دەخڵ ئەندازەی نزیک دوو کیلۆیە
رژد: چرووک، سەقیل، دەس قوچاو؛ هەورازێ کە بە دژواری لێی وەسەر دەکەون
رشکن: رشکاوی، ئەوەی گەرای ئەسپێی پێوەیە
رمان: ڕووخان، تێکتەپانی ماڵ ودیوار
رۆنراو: دانراو، داپۆشراو
رۆنیشتن: دانیشتن، ڕۆنان
رۆینە: جۆرێ هەڵپەڕکێی کوردییە
رەسەن: بنەچەکە
رەمڵ: ئامرازێ فاڵچی، ڕەڵم، تەمی بەر چاو لە سۆنگەی چاوێشە
رەوت: تەرزی ڕۆیشتن، جۆری بەڕێدا چوون، کێشی شێعر

هەواڵنامەی کتێب

قاش: بەردێکی بەنرخە کە لە زێڕ یا زێو گیرابێ؛ لەتکێک لە میوە کە بە چەقۆ لێکرابێتەوە

قرۆش: وردە پوول، پوولێکی تورکانە

قۆز: جوان و لەبار، شەنگ؛ داچەماو؛ لەخۆ ڕازی

قۆشە: وردە پوول؛ خاڵی سپی لە نێوچاوانی حەیوان؛ دەسک و هەنگلی دەفر؛ ناوچەیەکە لە دیاربەکر

قەش: هێڵنج، خەیاڵ کردن لە کارێ

قەڵپ: زەق، زۆپ؛ قەلب

قەو: دەنگی بەرز بۆ بانگ کردن (قەوی کە)

## ک:

کاس: سەرتاساو، گێژ، وڕ، کەڕ؛ قاپ، جام؛ بناری کێو؛ هەوراز

کاڵێن: شێو بڕینی زەوی؛ ئێرەیی پێ بردن

کاوڕ: بەرخی لە دایک دابڕاو کە شیر ناخوا و پووش دەخوا

کلتوور: سوورمەدان

کوتاڵ: کاڵا، جنس، شت و مەک و شڕە و بڕەی بازرگانی

کوڕوکاڵ: جحێڵ و لاو، گەنج

کەرستە: ئەو ئەسپاباتەی شتی لێ دروست دەبێ

کەل: چیا، کەژ، کۆ

کێڕا: چۆن وا بەپەلە؟، لە کام جێگەوە؟

هەواڵنامەی کتێب

## ک:

گاڵ: بە هەراو هوریا ڕاونان، هەرزنە تاڵە

گزیر: بەردەستی کوێخا لە دێدا

گلدانەوە: لای خۆ هێشتنەوە

گوڵمەز: کاڵتە و حەنەک، دەنگە دەنگی زۆر

گوڵینگە: پرزەی لێکهاڵاوی بەستراوی سەر قرتاو بۆ جوانی

گەپجاڕ: گاڵتەجاڕ

گەر: فێڵ و گزی

گەز: ئامرازێکی پێوانە؛ خەز، پارچەیەکی هاوریشمینە

گەلۆز: ناوگەڵ، تایبەتی بۆ سەگ دەیڵێن

گەنە: ڕزیو، پڵیشاو؛ کەوکی، جانەوەرێکی پانکەڵەی بـۆرە بە پێستی ئاژەڵەوە دەنووسێ و خوێنی دەمژێ

گێچەڵ: گەڕ، دەبە، تەشقەڵە، شڵتاغ

گیسک: بێچووە بزنی لە شیر دابڕاو

## ل:

لاش: کەلاک، تەرم، جەندەک

لوان: ڕەخسان، هەلکەوتن؛ ڕۆیشتن

لەڕ: لاواز، کز، داڵگۆشت، لەر، زەعیف

لەنگەر: خۆ گرتن و ڕاوەستان لە سەر شوێنی باریک و بەرز، لە کار کەوتە، قاپی گەورە و پەلی چێشت خواردن

لیرە: دراوی سکە لە زێڕ؛ پوولی تورکان

لێشاو: ئاوی زۆر بە تەوژم، برێتی لە فرە بوون

م:

مافوور: قالی، فەرش، تەونی چنراو

مالانگەڕ: ژنێ کە سەر بە هەموو مالاندا دەکا

مامر: مریشک، کەرکی

مامزە: ئاسنێکە لە پاش چەکمە قایم دەکرێ نووکی تیژی هەیە لە تەڕادی ئەسپ دەدرێ بۆ لێخوڕین

مشە: جۆرە دەنگێکە لە لووتی گیاندارەوە دێ، دەردێکی کوشندەیە تووشی ئێستر دەبێ

ملهوڕ: ملوڕ، شەلات

مووچومۆڕ: مڕومۆچ، تووڕە، تۆسن، نێوچاوان گرژ

مووچە: بەش، جیرە، مەزرا

موهەندیس: ئەندازیار

مەتاڵ: قەلغان، سوپەر

مەڵبەند: نیشتمانی جێگە ژیان

## ن:

**ناهێ:** نایێ، ئەستێرە گەشە

**نزم:** پێچەوانەی بڵند، نەوی، بێتاقەت، بێئاکار و کەمئابڕوو

**نۆڕین:** ڕوانین، تماشا کردن، سەیر کردن

**نەگریس:** لاسار، سەرشەق، گوێنەبیس و بەدفەڕ

**نهۆم:** نوهۆم، تەبەقەی خانوو

## و:

**وڕ:** شڕ، دڕاو؛ گێژ، سەرسام؛ درۆ، قسەی زۆر و بێتام

**وەڕام:** وڵام، جواو، پەرسڤ، ڕاسپێری قسە

**وەڕەوەڕ:** حەپەحەپ، وەڕەی لە دووی یەک؛ فەرمان بە بێدەنگ بوون: (دە وەڕەوەڕ)

## ه:

**هاڕین:** ورد کردن وەک ئارد

هەواڵنامەی کتێب

هۆرە: پوازی ئەستوور بۆ قەڵش و وێکنەهاتنی داریٚ کە دەیشکێنن بە تەور، قامێکی هۆزی جافە، سەیرانگا، جێگەی زۆر بڵند، گۆرانی بەسۆزە

هەرەوەز: زبارە، مەهبەرە، ئاریکاری کۆمەڵ لە کاردا

هەل: دەرفەت، جار، چەل، نۆرە

هەنگڵ: بن باخەڵ

## ی:

یاریکار: ئاریکار، یاریدەدەر، کەسیٚ کۆمەگ بە کەسیٚ دەکا

یەکدی: یەکتر

هەواڵنامەی کتێب

بە سەرگەردانی ژێر گەردانەکەت بم
بەلا گەردانی بالا جوانەکەت بم
ئەوا تۆم دی لەسەر کوشتەت دەکەی شین
بە گۆڕی چاوە بڕ گریانەکەت بم

❀❀

دڵی شێتم وەها گرتی گڕوو بێت
لە تاوان بێی دەتاوان بەردی بەر بێت
چ ژین سەختم! چ دڵسەختی گوڵی من
کزەی دڵ وەک کزەی با دێتە بەر گوێت